# بەڵێ بۆ سانسۆر

بۆتان تەحسین

کریستیان ئامانپوری ڕۆژنامەنووسی ناسراوی کەناڵی CNN لە لێدوانێکدا پەردەی لەسەر ئەو فشارانەی ئیدارەی ئەمریکا ڕامالْیوە کە لەکاتی شەڕی عێراق دەیانخستە سەر ئاژانسەکانی هەواڵ بۆ ئەوەی ئاراستەی کارەکانیان بەتەریبی سەرکەوتنی سوپای ئەمریکا بێ و نابێ هەواڵێکی وا بگوازنەوە کە ڕای گشتی ئەمریکا بەرامبەر بەم شەڕە بوروژێنێ. وەک لە قسەکانی ئامانپوریش هاتووە هەندی جار ئاگادار کردنەوەکان گەیشتوونەتە ئاستی چاو سوورکردنەوە.

ئەم دانپێدانانەش بۆخۆی بەڵگەیەکە لە ئەمریکای لوتکەی لیبرالیەتدا ئازادی ڕادەربڕین چوارچێوەی خۆی هەیە و نابێ کەناڵ و ئاژانسەکان ڕاگەیاندن ئەو سنوورانە ببەزێنن کە لە ڕووانگەی ئاسایشی نەتەوەییەوە هێڵی سوورن، لە سەرتاسەری جیهانیش دامەزراوەکانی باڵا دەستی دەوڵەت ڕەنگرێژی ئەو هێڵە گشتییانە دەکەن کە پێچەوانەی ئاسایشی نەتەوەیین، بەداخەوە لە کوردستان تا ئێستا خەمساردییەک بۆ بەدواداچوون و چاوخشاندنەوە بەم لایەنە هەیە و شێوەیەک لە کەمتەر خەمی لە دەزگاکانی پەیوەندار بەدی دەکرێ بەتایەبەتیش وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن وەک پێویست لەبەرامبەر دانانی چوارچێوەی پیرۆزییەکانی گەل و نەتەوە و ئەزموونی هەرێمی کوردستان هەنگاوی هەڵنەهێناوە و ڕەش و سپی هێڵی کارکردنی میدیایان ڕوون نەکردۆتەوە، لەبەرامبەر فاولەکانی ڕاگەیاندیشدا بێ هەڵوێستن.

لەم ڕۆژانەدا گوێم لە ڕادیۆی یەکگرتوو گرتبوو، بەرنامەیەکی پێشبرکێ ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکرا، یەک لە پرسیارەکان باسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تێدابوو، پێشکەشکاری بەرنامەکە بەبێ بۆنە بەشان و باڵی عوسمانییەکانی هەڵدا و ڕەخنەی لە ڕۆشنبیرانی کورد گرت کە ئەو ئیمپراتۆریەتەیان بەداگیرکەر ناوبردووە لەکاتێکدا ئەو ئیمپراتۆریە پەیامێکی پیرۆزی ئاسمانی لە ئەستۆ بووە. سەرم بەو ڕوونکردنەوەیە سوڕما و پێم سەیر بوو کارمەندی کەناڵێکی کوردی بێخەبەر بێ لەو مەینەتیانەی کە کورد لەسەر دەستی عوسمانییەکان چێشتوویانە، ئاگای لەوە نەبێ کە شۆڤینیەتی ئەمڕۆی تورک میراتی ئەو ئیمپراتۆریەتەیە. هەر لەوەش سەیرتر بەئاسمانی کردنی پەیامی ئەم ئیمپراتۆریەتە لەکاتێکدا سوڵتانەکانی بەگەندەڵترین مرۆڤەکانی مێژوو دەژمێردرێن کە هەر ڕابواردن و کەیف و سەمای ئەو سوڵتانانەش بووە ئیمپراتۆریەتەکەی لەبن هێناوە و ئیفلیجی کردووە.

دەڵێن سوڵتان بایەزید نامەیەکی بۆ تەیمور لەنگ ناردووە و پێی گوتووە دەتگرم و بەبەرچاوی تۆش هاوسەرەکەت ئەتک دەکەم. بەهەڵوەستەکردنی وردیش بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی سوڵتان بایەزید ڕوون دەبێتەوە کە پەیامی ئەو ئیمپراتۆریەتەت چەند ئاسمانی بووە؟!.

نموونەیەکی دیکەش بۆ دەرچوونی میدیای کوردییە لە بازنەی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورددا، هەواڵێکی ڕۆژنامەی (کۆمەڵ)ە لە دوا ژمارەی خۆی لە لاپەڕەی یەکەم بەناونیشانێکی بەرچاو نووسیبووی «دۆزینەوەی گەورەترین گۆڕی بەکۆمەڵی موسڵمانان» لە ناوەڕۆکی هەواڵەکەدا پێشبینیم دەکرد باس لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەم دواییەی ڕژێمی بەعس بکرێ کە ژمارەی قوربانیانی هەندێکیان دەگەیشتە (١٥) هەزار کەس کەچی لە هەواڵەکەدا باس لە دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ بۆسنیا دەکرێ کە قوربانیانی (٥٠٠) کەسن، ناوەڕۆکی ئەم هەواڵەش جێگەی ڕامانە، گومان دەخاتە سەر قوربانیانی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی سەردەمی ڕژێم کە تۆ بڵێی ئەو خەڵکە موسڵمان نەبووبن هەر بۆیە ڕۆژنامەی کۆمەڵ بەگەورەترین گۆڕی بەکۆمەڵی موسڵمانانی دانەنابن.

botandargala@yahoo.com